# متمانه نووسەران ونسکۆی شوینیزم !



ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی

٢٠١٨١٢٠٦

لرمانتۆڤ شاعیری  رووسی دەڵێت :   ژیان بێ خەبات تاریکە

لکوموتیڤی قەتار ، مێژووە . ڕێکخراوەکە وەک کەرەسە و کادیری لێزان و کارزان ومرۆڤی خۆبەخش ئیرادی نەبوو ، ئەمما دەردی بێدەرمان نەبوونی میعمار و شارەزای بواری قۆناغە سیاسیەکان بوو . تیئوریە تەق و ڕەقەکان  لە زمانە کانی ڕووسی، ئاڵمانی، فەرانسا و ئینگلیزیوە گیرابوون . پاشان بۆ سەر زمانەکانی تورکی ، فارسی و عەربی تەرجومە کرابوونەوە  . لە ئاخرین هەنگاودا دەقەکان بۆ سەر زمانی کوردی تەرجومە کرابون کە بەڕاستی لە گەڵ هیوا و ئارەزوو و خواستی شارۆمەندانی کورد یەکیان نەدەگرتەوە و ناکۆک بوون . هاوکات  تەرجومەکان  جێگای باوەڕ و متمانە نە بوون. شۆڕش بەرخوادنێکە بەخاتری بێگەردی و پاکی ئەرزشە مرۆڤایەتیەکان و دابەش کردنی عادلانەی ئەرزشە ماددیەکان دەکرێت . ئاریشە ی تیئوریەکان ، وڵامێکی شیاوی بە بزووتنەوەی پڕ شکۆی گەلی کورد پێشکەش نە کرد . ڕێبەری وەک کولتوری جێ کەوتوو متمانەی بە خۆ نەبوو . نەیارانیش پیاڵەی فیز و شوینیزمییان سەرڕێژی دەکرد . خامەکەیان هەمیشە وەک فنتانیل( مادەی هۆش بەر )  ولە کەکرە تاڵ تر وتیژتر بوو و بۆ ڕیا خزمەتیان دەکرد . دێوجامەی مەکریان بۆ ڕاوی هەڵۆکان هەڵگرتبوو . ئەوان بەربژیری وتاری بێگانەیان ، وەک ماشینی کامباین هەڵدەلوشا و ئێمەیان چاوبەس کردبوو . نوسراوەکانیان لە ئاگری بێ

شەوقی دزان دەچوو.  بیگومان بیرمەندی سادیق نەبوون و بلّقی سەرئاو بوون . دەتگوت لە وڵاتی چین هاتون و لە چین ی ئومانیست وخەباتکارن ، بەڵام  وەک چین ی دیوار داسەپیبوون و ئێمەش نەماندەزانی چین ؟ ڕۆژگاری سەربەرزی لە زەردەپەڕی ئێوارە کەوتبوو و تاریکی هێرشی هێنابوو . ئیستا هەلومەرجەکان  مژدەهێنەر ودڵخۆشکەرن . خەباتکارانی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ئاشتی خواز و عەدالەتخوازی گەلی کورد جوامێرانە ،سیا ساڵەکانیان جێ هێشتوە  و بەرەو ڕێگای " متمانە" دەئاژون .  نووسەران وەک شارەزا ، ڕووداوەکان بە چاک و خراپەوە تۆمار و باس دەکەن و ،بۆ دڵی بزووتنەوە خوێن بەر و خوێن هێنەرن. ژمارەی نووسەرانی کورد کەم نین و متمانە بەخۆ لە ئاسۆی ئەو سەر نادیاری بەرهەڵستەکان ، ئاستێکی بەرزی هەیە .  تا ڕادەیەک یانەی هزر و بیریان لە عیلم و زانستی ژیاری و کۆمەڵایەتی ئاخنێوە . بەرهەمی چاک و بلاوێن پێشکەش دەکەن و سەری چاوانەکانی مێژووی لێڵی کورد هەڵدەدەنەوە . ئێتر ئەو کاتانە کە  دوور لە ئاوەدانی و لەچۆڵنشین دەژیاین تێپەڕیوە . دەور وجێگای شوینیزمی مەزن خواز لەق بوە و پێدەچێت ئەم دیاردە گڵاوە  بۆ ماوەیەکی تر لە سەر شانۆ هەر بمێنێت .  حەز و مەیلی ڕزگار بوون و خەباتی نیشتمانی ، کە ڕێگای خەباتی چینایەتیش هەموار  و دەستەبەر دەکات بەرجەستەیە و بە نرخ و گرانبەهایە. و متمانە بە خۆ قیبلە نمای ڕێگای مرۆڤە ئازا و نە ترسەکانە !

..............................

**ئەم وێنە لە باشوری کوردستان و لە ئوردووگای مالومە کە لە نزیک دەڤەری کارێزە هەڵکەوتوە ، ساڵی ١٩٨٥ زاینی گیراوە و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاهەنگێکدا بەشداریان کردووە .**